# لە کەش وهەوایەکی پڕ شادی و حەماسەتدا ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەرکوتوانە کۆنفرانسی یەکەمی خۆی بەست!!

لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە، بەرواری 21 و22ی ئەم مانگە، ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بە ئامادەبوونی لیدەری حزب ڕێبوار ئەحمەد، یەنار محمد، سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، موئەیەد ئەحمەد، هۆزان مەحمود، ڕێبوار عارف، نادیە مەحمود ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب و نزیک بە سەدو پەنجا کەس لە نوێنەرو کادری حزب وکۆمەڵێک میوان کۆنفرانسی یەکەمی خۆی بەست. لە نێو میوانەکاندا وەفدێکی ڕەسمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران-حکمەتیست کە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان کۆرشی مودەریسی، لیدەری حزب، فاتح شێخ، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی، ڕەحمانی حسێن زادە، سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی و ئیرەجی فەرزادو موزەفەری محمدی، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، ئامادەبوون. هەروەها کەسایەتی کۆمۆنیستی ناسراوی ئێران " خەسرەوی داوەر" و David Broder لە کۆمەڵەی Workers Liberty بەریتانی وژمارەیەک لە کەسایەتی ناسراوی چەپ لە عێراق بەشداری کۆنفرانس بوون.

سەرەتای کۆنفرانس بە سرودی ئەنتەرناسیوناڵ و دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانبەختکردوانی ڕێگای سۆسیالیزم و یادی هاوڕێ مەنسور حیکمەت دەستی پێ کرد. پاشان ئاییننامەی کۆنفرانس و دەستوری کارەکانی لە ڕێگەی دەنگدانی نوێنەرانەوە قانونیەتی پێبەخشرا و بەم شێوەیە کۆنفرانس بەشێوەیەکی ڕەسمی دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

وتاری کردنەوەی کۆنفرانس لەلایەن هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەدەوە پێشکەشکرا کە تێیدا لەسەر ڕۆڵ و گرنگی هەڵسوڕانی ڕێکخراوی دەرەوە لەماوەی ئەم سیانزە ساڵەو خاڵە پرشنگدارەکانی هەڵسوڕانی حزب لەم مەیدانەدا قسەوباسی کرد. بەڵام وتی کە هێشتا ئەم کارانە لەئاست چاوەڕوانیەکانی ئێمە لەگەشەپێدان وبردنەپێشی کاری حزب لەم مەیدانە زیندووەی هەڵسوران و خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا نین. هەروا تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە مەیدانی کاری دەرەوە یەکێکە لە مەیدانە سەرەکیەکانی هەڵسوڕانی حزب نەک بەرەیەکی پشتی شەڕ بۆ هەڵسوڕانی حزب لە ناوخۆی عێراق.

پاشان هاوڕێ کۆرشی مودەریسی وتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی - حیکمەتی پێشکەشکرد و تیایدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی بەرز نرخاند وچاوەڕوانیەکانی خۆی بۆ ئەوەی ئەم حزبە ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێ لە ئاستی نێونەتەوەییدا خستە ڕوو. هەروەها لەسەر بە جیهان بوونی مەسەلەی عێراق و ڕاوەستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وەک نوێنەری بەشەریەتی موتەمەدن و ئازادیخواز قسەی کرد. لە درێژەی قسەکانیدا وتی کە جیهان بەبێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ڕەشتر دەبوو.

دواتر لە لایەن هاوڕێ فارس محمود ڕاپۆرتێکی کورت وهەمەلایەنە لەسەر هەڵسوڕانی حزب لەدەرەوەی وڵات لەماوەی سیانزە ساڵی ڕابووردوودا پێشکەشکرا و لەلایەن ئامادەبووانەوە باس و لێدوانی لەسەرکرا. دواتر لە لایەن هاوڕێیان یەنار محمد سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، دەشتی جەمال لە فیدراسیۆنی گشتی پەنابەرانی عێراقی، شێرزاد فاتح بەرپرسی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان، ئاسۆ جەبار لە شەبەکەی نوێنەرانی یەکێتی شورا و سەندیکا کرێکاریەکانی عیراق و نوری بەشیر لێپرسراوی مالیەی ڕێکخراوی دەرەوە، کە کەسایەتی ناسراو و کاریگەری مەیدانە جۆربەجۆرەکانی هەلسورانی سیاسی و کۆمەڵایەتین لەدەرەوەی وڵات، لەسەر کار و هەڵسوڕانەکانی خۆیان قسەوباسیان کرد.
باسی بارودۆخی سیاسی عێراق و جێگاوڕێگای حزب و ئەرکەکانی ڕێکخراوی دەرەوە، یەکێک بوو لە دەستوور کارەکانی کۆنفرانسەکەو لەلایەن هاوڕێیان ڕێبوار ئەحمەد وشەماڵ عەلی یەوە پێشکەش کرا. سەرەتای باسەکە هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد لەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق وگۆڕانکارییەکان و جێگاوڕێگای حزب لەم بارودۆخەدا قسەوباسی کرد. تەئکیدی کردەوە کە داگیرکاری و دارمانی بنەماکانی ژیانی مەدەنی و نەبوونی ئەمنیەت لە کێشە سەرەکیەکانی ئێستای عێراقن و خەبات کردن بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی ریشەیی لەم کۆمەڵگایەدا لە کەناڵی لابردنی ئەو کێشانەوە دەچێتە پێشەوە. هەروا وتی کە ئەرکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە کە لە مەیدانی خەبات بۆ کۆتایی هێنان بەو

بارودۆخە ئاڵای ئەلتەرناتیڤیکی واقیعی و ئینسانی هەڵگرێ. هەروەها لەسەر بارودۆخی کوردستان و سەرهەڵدانی بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکان بەڕووی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبەکان قسەوباسی کرد و سەبارەت بە زەرووڕەتی خەبات بۆکۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی میلیشیایی و گێڕانەوەی مەدەنیەت بۆ کوردستان لە ڕێگای هێنانەدی خواستی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان قسەی کرد. لەم نێوەشدا ئاماژەی بە گرنگی هەڵسوڕانی حزب لەدەرەوە بۆ بەهێزکردنی باسکی حزب و ئەلتەرناتیڤەکەی بۆ بارودۆخی ئێستای عێراق کرد. دوای ئەو هاوڕێ شەماڵ عەلی لە بەشی دووەمی باسەکە کە تایبەت بوو بە ئەرکەکانی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات بە کورتی باسێکی بۆ ناساندنی بەڵگەنامەی ئەرکەکانی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات پێشکەش کرد تیایدا لەسەرهەندێ خاڵی تایبەت لە پەیوەند بە زەرووڕەتی مۆدێرنیزەکردنی حیزب و پەرەپێدانی کار و میکانیزم و ئامرازەکان و بیناکردنی ڕێکخراوی دەرەوە وەک دامەزراوێکی سیاسی کە بتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە و ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام بدات تەئکیدی کردەوە. هەروەها وتی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات بەشێکی زیندووی حیزبیکی سیاسیە کە خەبات بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لە عیراق و جێبەجێکردنی بەرنامەی سۆسیالیستی خۆی دەکات.

ئەم باسە لەلایەن کۆنفرانسەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکراو لەلایەن نوێنەران و ئامادەبوانەوە باسی تێروتەسەلی لەسەر کرا لەلایەن زۆرێک لە نوێنەران باسی لەسەرکرا، لە نێو ئەواندا هاوڕێ کۆرشی مودەریسی لیدەری حزبی حیکمەتیست لە قسەکانیدا ووتی، دەرەوەو ناوەوە بۆ حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاریی تەنها دابەشبوونێکی جوگرافیەو هیچی تر، وە بۆ ئەم خەباتەش لە دەرەوە پێویست دەکات ڕابەرانی مەیدانیی دەرکەون.

بەشێکی تری کۆنفرانس تاووتوێ کردنی مەسەلەی مالی حزب بوو، کەلەلایەن هاوڕێیان رعد سلیم و نوری بەشیرەوە پێشکەش کرا. وە تیایدا لەسەر گرنگی بەهێزکردنی بونیادی مالی حزب و پەرەپێدانی هەڵسوڕان لە مەیدانی بەدەستهێنانی ئیمکاناتی مالی و ڕێکخستنی ئەم لایەنە زیندووەی هەڵسوڕانمان لەدەرەوە قسەوباسیان کرد و لەم بارەیەوە چەندین پێشنیاریان خستە بەردەم کۆنفرانس.

پێش کۆتایی کارەکانی کۆنفرانس، دەست کرا بە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوە و لەم نێوەدا هاوڕێیان ( بەهار مونزیر، جمال صالح، دەشتی جمال، جمال ایوب، عمر احمد " خطاط"، جمال محسن، شەماڵ علی، ئاڵا فرج، محمد غفور وکامل احمد) وەک ئەندامانی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب هەڵبژێردران.

دوابەشی کۆنفرانس دیداری پرسیارو وەڵام بوو لەگەڵ ڕابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کە تیایدا هاوڕێیان مؤید احمد، ڕێبوار احمد، نادیة محمود، ینار محمد وهۆزان محمود ئامادەبوون، هاوڕێیانی ڕابەریی وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانیان دایەوە کەبەشێکی زۆری تایبەت بوو بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی سیاسەت و نەخشە و هەڵسوڕانی حزب.

زۆرێک لە میوانەکانی کۆنفرانس بە سەرنج و پێشنیارەکانیان بەشداربوون لە باسەکان و ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ کۆنفرانس خواست و هەندێکیشیان داوای ئەندامەتیان لە حزب کرد. چەندین نامەی پیرۆزبایی گەیشتە کۆنفرانس لەوانە نامەی کۆمەڵەی Iraq Solidarity لە فەرەنسا و بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی یابان و حزبی کۆمۆنیستی بەریتانیای گەورە، هەروەها لەلایەن هاوڕێیانی ئامادەبوو لە سیمیناری کۆمیتەی بغداد و لەلایەن کۆمیتەی بەسرەو ژمارەیاک لە هاوڕێیانی حزب و دۆستەکانمانەوە، کۆنفرانس نامەی پیرۆزبایی پێگەیشت.
لەلایەن هاوڕێ مصطفی اسد پوروهاوکارانی لە تەلەفزیۆنی پرتوی حزبی حككا- حیکمەتیستەوە بەشێک لە کۆنفرانسەکە تۆمار کرا.

ووتەی کۆتایی کۆنفرانس لەلایەن هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەدەوە پێشکەش کرا کە تیایدا وێرای خۆشحاڵی دەربڕین بە سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە و ستایشی ڕۆڵی ئەوکەسانەی کە لەسەرخستنیدا بەشداربوون. باسی لە گرنگی ئەم کۆبونەوانە کرد کە چۆن تیایدا ئامادەبووان هەست بە هێزی خۆیان دەکەن و ئیرادەیان تازەدەبێتەوە بۆ ئەنجامدانی کاری گەورەتر. لەسەر زەرورەتی دووبارەبوونەوەی ئەم کۆبوونەوانە تەئکیدی کردەوە و ستایشی بەشداری

فەعالانەی هاورێ یانی لە کۆنفرانسدا کرد و داوای لە ئامادەبووان کرد کە ئەم کەشە حەماسییەی کۆنفرانس بگەیەنن بە هاوڕێیانی وڵاتانی خۆیان بەمەبەستی توندوتۆڵ کردنەوەی هەنگاوەکانمان و ئەرکەکانی سەرشانمان.

دوای دوو ڕۆژ لە کۆبوونەوە و قسەوباسی تێرو تەسەل کە لە نێوانیدا کاتی پشوودان و پرۆگرامی سەرگەرمی ئامادەکرابوو، کۆنفرانسی یەکەمی ڕێکخراوی دەرەوە لە کەش وهەوایەکی حەماسیدا سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. لە کۆتایشدا دەست خۆشی و گوڵ درا بەو هاوڕێیانەی کە نەخشی بەرچاویان هەبوو لە سەرخستنی کارەکانی کۆنفرانس، هەروەها سوپاس و ستایشی هاوڕێ فارس محمود کرا کە لەماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا پۆستی رابەریکردنی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی لە ئەستۆ گرتبوو.

لەیەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی دەرەوەی حزب کە بە ئامادەبوونی هاوڕێیان نادیة محمود سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی و فارس محمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەنجام درا، شەماڵ علی بە تەواوی دەنگ وەک سکرتێری کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حزب هەڵبژێردرا.

**کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حزبی کۆمنیستی کرێکاری عێراق**
24.01.2006